# جەماوەر

www. jamawar.org

ژمارە (٦٩)
ساڵی دووەم
دووشەممە
٢٠٠٤/٣/١
١١ی ڕەشەمێ / ٢٧٠٣

هەفتەنامەیەکی ئەهلی ئازادە کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووسی سەربەخۆ دەری دەکەن

A Private Weekly issued by a group of independent journalists No.(69) 1/3/2004

## لە هەولێر
## فەرمانگەی نەهێشتنی تیرۆر دامەزراوە

**پ. هەولێر:**
بەپێی وتەی سەرچاوەیەکی ئاگاداری نزیک لە وەزارەتی ناوخۆی ئیدارەی هەولێر، لە پێناو یەکخستنی وزەو توانای گشت دەزگاکانی ئەمنی و حیزبی و حکومی فەرمانگەیەک بۆنەهێشتنی تیرۆر سەربە وەزارەتی ناوخۆ دامەزراوە. ئەمەو دوای دەست بەکاربوونی ئەم فەرمانگەیە تا ئێستا بە هاوکاریی و زانیاری گەیاندنی هاووڵاتیان چەندین تیرۆریست لە سووچە جیاجیاکانی هەرێم دەستگیر کراون. هەر بە پێی ئەم سەرچاوەیە بڕیارە لێژنەی دژە تیرۆری پارتی و یەکێتی ـ یش کاراتر بکرێت و هەردوولا لە قەڵا چۆکردنی تیرۆردا لە ئاستی ئاڵوگۆری زانیاری و عەمەلیاتدا هاوکاری یەکتر بکەن.

# د. عەلی قەرەداغی لە وەڵامی جەماوەردا:




* خوا شایەدە سەردانەکانم بۆ باڵوێزی عێراق، سەردانی موجامەلاتی بوون بە بۆنەی جەژنەوە، یان پرسەوە، یان شتێکی لەو بابەتە.
* باڵوێزی عێراق (فەخری دلێمی) لە ڕێی زانایەکەوە داوای لێکردم سەردانم بکات بۆ ماڵەوە منیش ڕازی بووم، باسی عێراق و گەلی کوردی لەگەڵ کردم.
* باڵوێزی پێشووی عێراق (ئەنوەر عەبدولرەزاق) ڕقی لێم بوو، تەنانەت بە چەند برایەکی وتبوو، ئێمە مەلەف و شتی گەورەمان بۆ دروست کردووە.
* ئەوەی بڵاوکراوەتەوە تەنها ئەو پەیوەندیانەیە کە دەزگاکانی ئەمنی عێراقی لە نێوان خۆیاندا کردویانەو بەڵگەی ئیدانەکردنی تێدانییە.

بەڕێز پرۆفیسۆر د. عەلی قەرەداغی، لە وەڵامی مانشێتی ژمارەی پێشووی هەفتەنامەکەماندا وەڵامێکی ڕەوانە کردووە کە بە حوکمی بڕوامان بە ئازادی ڕادەربڕین و بەرگری لەخۆ کردن لەسەر لاپەڕەکانی هەفتەنامەکەماندا، دەقی وەڵامەکەی بەڕێزیان بڵاو دەکەینەوە، بەڕێز قەرەداغی لە ناوەڕۆکی وەڵامەکەیدا هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ بەرپرسانی ڕژێم ڕەت ناکاتەوە، بەڵام پەیوەندییەکەی بەپەیوەندییەکی موخابەراتی نازانێت، هەروەها ئاماژەکانی ناو وەڵامەکەی ئەوە دەسەلمێنێت کە بەڵگە نامەکان تەواون و هی ڕژێمن چونکە ئاماژەی بەوردەکاریی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بالوێزی عێراق داوە، بەڵام ئەو پەیوەندییە بە دیداری موجامەلاتی وەسف دەکات.

ئێمە لە هەفتەنامەی جەماوەر هەوڵمانداوە بەڵگەنامەکان بەبێ لێدوان و ڕادەربڕین لەسەری بڵاوبکەینەوە تا خوانەخواستە نەچێتە قاڵبی دژایەتی ستافی جەماوەر بۆ بەڕێزیان، بەڵام مەبەستمان ئەوەیە کە بەڵگەنامەکان هەن و ڕاگەیاندنی کوردیش مافی خۆیەتی هەر بەڵگەنامەیەکی دەسکەوت بیانخاتە بەردەم ڕای گشتی ئەوجا هەم ڕای گشتی جەماوەر و هەم کەسایەتی باسلێکراو مافی خۆیانە ڕای خۆیان لەسەر بەڵگەنامەکان دەربڕن. موخابەراتی ڕژێم دەڵێ پەیوەندییان بە بەڕێز قەرەداغییەوە هەبووە، ئەم پەیوەندیەش لە ڕێگەی مەحەتەی موخابەرات لەسەفارەتی عێراق لە دەوحەی پایتەختی قەتەر بووە، ئەوجا بەڕێزیشیان دان بە پەیوەندی بە سەفارەتەوە دەنێت، ئێمەش هەر ئەمەمان خستۆتە ڕوو، بێگومان ئەوەی کە هەشە بەڵگەنامەکانی ڕژێمە، نەک قسەو دەستنووسی بەڕێزیان. سەفارەتی ڕژێم لە دەوحە پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ بەڕێز قەرەداغی هەبووە، موخابەراتیش لە دەرەوەی عێراق لە ڕێگەی سەفارەتەکانەوە کاری کردووە. بەڵگەیەکی تری لامان (بەڵگەی ژمارە ١) ناردنی دیاریەکە بۆ بەڕێز قەرەداغی کە ئەویش (عەبایەکی ڕجالی)یە ئەمەشیان بۆ ئاگاداریی بەڕێزیان. هەروەها لە بەڵگەیەکی تردا ئاماژە بەوە دەکات کە لە کاتی دانیشتنی لەگەڵ سەفیری عێراق ڕەخنەی لە تاڵەبانی و بارزانی گرتووە لەگەڵ ئەوەی بەڕێزیان مافی خۆیەتی ئەمانەش ڕەت بکاتەوە.

**دەقی وەڵامەکەی د. عەلی قەرەداغی و ، دوو بەڵگەنامەی دیکەی پەیوەندی ناوبراو بە موخابەراتی ڕژێمی ڕووخاوی بەعس لە لاپەڕە (٢)دا بخوێننەوە.**


وزارة الخارجية
مكتب الوزير
دائرة البحوث وتحليل المعلومات/ ٢
سري
الرقم: م ٤/٣/٢/٩
التاريخ / / ١٤ هـ
٢٥ / ٦ / ٢٠٠٠ م
الى/ سفارة جمهورية العراق/ الدوحة
دائرة البحوث وتحليل المعلومات/ ٢
الموضوع/ علي محي الدين القرداغي
كتابكم ٢١٣/٢/ق.خ ٨/١٠/١٩٩٩.
نرفق صحبة كتابنا هذا عباءة رجالية هدية للمذكور أعلاه لغرض تطوير العلاقة معه وكما يخدم عملنا ونقل تحيات موفدنا السيد حكمت سلطان (أبو مصطفى) والذي التقى به خلال تواجده بطرفكم بتاريخ ١٧/١١/١٩٩٩ وبحضور مسؤول الشعبة هناك.
للتفضل بالاطلاع ... راجين تسليمها إليه وإعلامنا ـ مع التقدير)
٢٥/٦/٢٠٠٠
(١-١)
سري

ژمارە (١)

## مەلا غەنی
## ڕیزەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی بەجێ هێشت

**تایبەت بە جەماوەر:**
سەرچاوەیەکی نزیک لە (مەلا غەنی)ی ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئیسلامی، پێی ڕاگەیاندین کە، مەلا غەنی هەفتەی ڕابردوو دەست لە کار کێشانەوەی خۆی ئاراستەی ڕابەری بزووتنەوەی ئیسلامی کردووە. بەپێی ئەم سەرچاوەیە (مەلا غەنی) ناڕەزایی خۆی لە بەرامبەر لێدوانەکانی (ئیحسانی مەلا عەلی) واتا کوڕی ڕابەری بزووتنەوە بۆ کەناڵی سەحەری ئێرانی دەربڕیوە و گلەیی ئەوەی کردووە کە دەبوایە سنوورێک بۆ ئەم کەسە دابنرێت چونکە ئەم کەسە بە لێدوانەکانی، بزووتنەوە بەرەو هەڵدێر دەبات.
کە ناوبراو پاڵپشتی کارە تیرۆریستیەکەی(١)ی شوباتی کردبوو مەکتەبی سیاسی بزوتنەوەش کاردانەوەی پێویستی لە بەرامبەر ئەم هەڵس و کەوتەی (ئیحسان) نەبووە، بۆیە وەکو ناڕەزایی دەربڕینێک خۆی لە ڕیزەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی دەکێشێتەوە. شایانی باسە (مەلا غەنی) ساڵانێک ئەندامی سەرکردایەتی و ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی مەڵبەندی هەولێری بزووتنەوەی ئیسلامی بوو، هەروەها وتاربێژی مزگەوتی (فرقان)ە لە گەڕەکی

## نەقیبێکی پۆلیسی کورد لە کەرکوک کوژرا

**پ. کەرکوک:**
شەوی ٢٠٠٤/٢/٢٦ لە گەڕەکی (موسەلا)ی کەرکوک، نەقیبێکی پۆلیسی کورد بەناوی (محەمەد ڕازی) کە دوو پاسەوانی لەگەڵ بووە دەکەوێتە بۆسەی چەند چەکدارێکی تورکمانی سەر بەبارەگای حیزبی نیشتمانی تورکمانی و لە ئەنجامدا ئەم نەقیبە گیانی لەدەست دا، ئەمەو لێکۆڵینەوە بەراییەکان وایان دەرخستووە کە هۆکاری ئەم ڕوداوی شەخسییە.

## کۆمەڵێک مامۆستا پەیامێکی ناڕەزایی ئاراستەی وەزیری پەروەردە دەکەن

**پ/ دەربەندیخان**
کۆمەڵێک لە مامۆستایانی ناوەندی و دواناوەندیەکانی شارۆچکەی دەربەندیخان، لەمیانەی سکاڵا نامەیەکدا ناڕەزایی توندی خۆیان دەرهەق بەسەرپەرشتیاری پسپۆڕی کەرکوک، پێشکەش بەوەزیری پەروەردە کرد. ئەو سکاڵا نامەیە کە دانەیەکی بە ڕۆژنامەکەمان گەیشتووە، ڕۆژی ٢٠٠٤/٢/١٤ بە ئیمزای (٥٠) مامۆستا ئاراستەی وەزیری پەروەردەکراوەو تیایدا هاتووە: (کە جیاوازیەکی زۆر دەکرێت لە نێوان مامۆستایان و خوێندنگەکانی دەربەندیخان و هەندێک مامۆستاو خوێندنگە لە هەمووشتێک بێ بەشکراون و مافیان پێشێلکراوە، بەپێچەوانەوە هەندێک مامۆستا و خوێندنگەی تر سەرپەرشتی پسپۆڕیان بۆ دانراوەو هەموو شتێک هەربۆ ئەوانە)، هەروەکو ،خۆشیان دەڵێن بەناچاری دەستیان بە ئیمزا کۆکردنەوە کردووە بۆ ئەوەی دەنگی خۆیان بگەیەننە هەموو لایەک و لایەنە بەرپرسەکان بە هانایانەوە بچن. هەروەها لەنێو سکاڵا نامەکەدا باس لە چەندین نموونەی ئەو کارانەش کراوە کەلەلایەن سەرپەرشتی پسپۆڕی کەرکوک کراون و بەکاری ناڕەواو بەدەر لە سیستەمی پەروەردەیی لە قەڵەمدەدرێت.

## بەرپرسێکی حکومدراو بەتاوانی کوشتن، ئازاد دەکرێت

**پ/ دهۆک:**
جەعفەر ئیبراهیم ئیمینکی ـ جێگری بەرپرسی لقی (١)ی پارتی، کە تاوانباربوو بە کوشتنی هاووڵاتیەک، ڕۆژی ٢٠٠٤/٢/٢٥ دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستان بڕیاری ئازادکردنی دەرکرد.
دوای ئەوەی لە ژمارە (٤٧)ی هەفتەنامەکەماندا هەواڵی ئەوە بڵاوکرایەوە کە (جەعفەر ئیمینکی) بە کوشتنی هاووڵاتیەک بەناوی (هێرش مرعی) تاوانبارە و لە سەر ئەمەش خراوەتە زیندان، ئەوە بوو کەس و کاری کوژراو سکاڵای خۆیان دەرهەق بەناوبراو لەدادگا تۆمارکرد، بەمجۆرەش پاش تەواوبوونی لێکۆڵینەوەو ڕێوشوێنی یاسایی لە ڕۆژی (٢٠٠٣/٩/٢٤) ئیمینکی و یەکێک لەو پاسەوانانەی کە لە کاتی ڕووداوەکەدا لە گەڵیدا بووە، لەلایەن دادگەی دهۆک هەریەکەیان بە (١٢) ساڵ حکومدران، بەڵام دوای ئەوە لە سەرداوای ئەودا بڕیارەکەی دادگا تەمیز دەکرێتەوەو لە ئەنجامدا ڕۆژی (٢٥)ی شوبات دادگەی تەمیز ناوبراوی ئازاد کرد.

## دابەشکردنی هێڵەکانی (کۆڕەک تیلیکۆم)دواخرا

**پ ـ هەولێر:**
بەپێی ئەوەی کەراگەیەنرابوو، دەبوایە دوێنێ ٢٠٠٤/٢/٢٩ کۆمپانیای (کۆڕەک تیلیکۆم) هڵێیە تازەکان بەسەر هاووڵاتیان دابەش بکات، بەڵام سەرچاوەیەکی بەرپرس لەو کۆمپانیایەوە بە (جەماوەر)ی ڕاگەیاند کە پرۆسەی دابەشکردن بۆ کاتێکی تر دواخراوە. کورەک تیلیکۆم کە لە دوو مانگی ڕابردوودا بڕی (٢٥) دۆلاری وەکو پێشەکیەک لەبەشدارە تازەکان وەرگرتووەو بەڵێنی پێدا بوون کەلە کۆتایی مانگی شوباتدا (سیستەمی ڕۆمینک) کە بە هێڵە تازەکان ناسراوە، بخاتە کار. بەڕێوەبەرەکەی ئاشکرای کرد لەو سیستەمەدا دووچاری کەموکورتی تەکنیکی بوونە تەوەو لەبەر ئەمەش تادوای جەژنی نەورۆز دوادەکەوێت. هێڵەکان ڕوونکردنەوەیەکی ئاشکراو ڕەسمی لەبارەیەوە نەدراوە، بۆیە پێشبینی دەکرێ کە لەدوای نەورۆزەش بۆ جارێکی تر دوابخرێتەوە، هەروەکو لە خاڵێکی نیۆ فۆڕمی بەشداربوونەکەش ئاماژە بەوە کراوە کە ئەگەر کۆمپانیا لەکاتی دیاریکراودا نەتوانێت هێڵەکان دابەش بکات، ئەوا دوای تێپەربوونی دوومانگ هاووڵاتیان بۆیان هەیە داوای ئەو بڕە پارەیە بکەنەوە کە وەکو پێشەکیەک داویانە.
بەمجۆرەش کۆمپانیا دەسەڵاتی ئەوەی بەخۆی داوە کە دوومانگی تەواو هێڵەکان دوابخات و لە هەمان کاتدا دەتوانێت پارەکەش بگەڕێنێتەوەو دابەشیان نەکات.شایانی باسە لەبەر ئەوەی دواخستنی

## قوتابیانی زانکۆکانی کوردستان لە پێناو یەکگرتنی ئیدارەو ئیرادەی کوردستان گوشار دەخەنە سەر هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار

**پ. دهۆک ـ هەولێر:**
بەپێی وتەی ژمارەیەک لە قوتابیانی زانکۆکانی کوردستان لە هەولێر و دهۆک و سلێمانی، قوتابیان بەنیازن لە دەرەوەی ڕێکخراوەکانی سەر بە حیزبەکان، هاوبەندییەکی کاتی دروست بکەن بۆ ئەنجامدانی چەندین خۆپیشاندان و کوڕ و سیمنار لە پێناو گوشار خستنە سەر سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی تاکو هەرچی زووترە هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی یەکبخەن ، هەروەها پتەوتر لە جاران بەیەک هەڵوێست و یەک ئیرادەیی کورد لە مەیدانی سیاسی کوردستان و عێراقدا نمایش بکەن. ئەمەو لەیەکەم هەنگاودا بڕیارە ژمارەیەک لە قوتابیان خۆپیشاندانێک لە بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان سازبدەن.

## لە هەولێر فرۆشتنی CDی و کتێب قەدەغەکرا

**پ. هەولێر**
لە درێژەی هەڵمەتی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی هەولێر بۆ کۆنترۆڵکردنی چالاکی توندڕەوەکان، لەڕۆژانی ڕابردوو (٧) نووسینگەی فرۆشتنی کتێب و CD ی توندڕۆیانی ئیسلامی بەیەکجاری داخران، هەروەها زۆر لە کتێب فرۆش و تۆمارگەی سی دیی و کاسێتەکان ئاگادار کرانەوە کە فرۆشتنی بڵاوکراوەکانی ئەنسارو ئەلقاعیدە سزای توندی دەبێت.

## کرێکارێک گیانی لە دەستدا

**پ/ هەولێر**
ڕۆژی ٢٦ / ٢/ ٢٠٠٤ کرێکارێک بەناوی (هێمن) دانیشتووی کۆمەڵگەی کەسنەزان لە میانەی ئەنجامدانی کاری کرێکاریدا بەکارەساتێک گیانی خۆی لەدەستدا و مرد. سەرچاوەیەکی ئاگادار پێی ڕاگەیاندین کە مردنی ناوبراو لە کاتێکدا بووە کە بارچەیەکی گەورەی (سەبە)ی بەسەردا ڕماوە.

دقی وەڵامەکەی د. عەلی قەرەداغی کە گەیشتۆتە هەفتەنامەکەمان و،
ئێمەش وەکو خۆی بڵاوی دەکەینەوە

جەماوەر

# پرۆفیسۆر د . عەلی محیەدین قەرەداغی لە وەڵامیدا بۆ تۆمەتە پوچ و بەتاڵەکان

**ئەوەی کە بڵاوکراوەتەوە، بەدەر لەناو زڕاندن و هەوڵدانێکی بێ بەڵگە بۆ شێواندنی سومعەو ناوبانگ شتێکی دی نی یە.**
**تەحەددای بوونی پەڕەکاغەزێکی من، یان بەلگەنامەیەک دەکەم لەسەر ئەوەی کە لە مانشێتی ڕۆژنامەی (جەماوەر)دا بڵاوکراوەتەوە .**
**ئەوەی بڵاوکراوەتەوە تەنها ئەو پەیوەندیانەیە کە دەزگاکانی ئەمنی عێراقی لە نێوان خۆیاندا کردویانەو، بەڵگەی ئیدانەکردنی تێدا نی یە**

سەرسام بووم بەوەی کە (جەماوەر) لە ژمارەی ڕۆژی (٢٣ ی شوباتی ٢٠٠٤) یدا بڵاوی کردۆتەوە، ئەوەش لەبەر ئەو هۆیانەی خوارەوە :

**یەکەم:** چونکە ڕۆژنامەکە بە شێوەیەکی قەتعی حوکمی تاوانبارکردنی داوە و، کردوویەتی بە مانشێتێکی گەورە، بێ ئەوەی تەحقیق لەمەسەلەکەدا بکات و بیسەلمێنێت، کە بێگومان ئەوەش پێچەوانەی سادەترین بنەماکانی دادگەریی و خاوێنی و میسداقیەتە، چونکە تاوانبار بەریئە تا تۆمەتەکەی لەسەر ئیسپات دەبێت .

**دووەم:** ئەوەی کە ڕۆژنامەکە ناوی لێناوە بەلگەنامە، نابێتە بەلگە لەسەر هەبوونی پەیوەندی لە نێوان من و موخابەراتدا، بەلکو بریتی یە لە ڕاپۆرتی دەزگاکانی موخابەرات لە نێوان خۆیان داو، بەبێ ی هیچ بەلگەیەک: ئەگینا کوا نوسراوێک، یان لێدوانێک، یان تۆمارکراوێک، یان داواکاریەکی من؟ .

أ ـ وەرەقەی یەکەم ئاماژەیە بەوەی کە وەزارەتی دەرەوە داوای لە بالوێزی خۆی لە دەوحە کردوە: کە کار لەسەر (د . عەلی قەرەداغی) بکات، بەشێوەیەک کە زەمانەتی دروستکردنی دۆستایەتی لەگەل مسۆگەر بکات ، چونکە وەزن و سەنگی سیاسی خۆی هەیە لە ناوچەکەدا.

ئەوەش تەنها داوا کردنێکە و هەرگیز ـ لای هیچ ژیرێک ـ نابێتە بەلگە لەسەر ئەوەی کە کەسی داواکراو بۆتە نۆکەر، ئەوە لەلایەکەوە.. لەلایەکی تریشەوە بەندە کەسایەتیەکی جیهانیم و خەلکی جۆراو جۆر سەردانم دەکەن ، لە ڕاستیدا بالوێزی پێشووی عێراق (ئەنوەر عەبدولڕەزاق) ڕقی لێم بوو، تەنانەت بەچەند برایەکی وتبوو: ئێمە مەلەف و شتی گەورەمان بۆ دروست کردووە : ئەوە بوو بالوێزی ناوبراو گۆڕدرا بەکەسێکی تر بە ناوی (فەخری دلێمی)، کە لە ڕێی زانایەکەوە داوای لێکردم سەردانم بکات بۆ مالەوە و منیش ڕازی بووم و، باسی عێراق و گەلی کوردی لەگەل کردم، منیش ئەوەی کە باوەڕم پێی بوو لەمەڕ عێراق و کورد پێم ووت، پاشان دایکی کۆچی دوایی کرد و منیش لەگەڵ چەند کەسێکدا چووم بۆ ماڵیان بۆ پرسە لێکردن، ئیتر دوای ئەوە ماوە ماوە پرسیاری شەرعی لێ دەکردم، ئەوە هەموو بەسەرهاتێکی پەیوەندی و دۆستایەتیی یە، گەر ئەوە ناوی دۆستایەتی و پەیوەندی بێت !!

ب ـ ئەو وەرەقەیەش کە لەلای چەپی ڕۆژنامەکە و وەک ئەوەی بەلگە نامە بێت ـ بڵاوکراوەتەوە، ئەم دەقانەی خوارەوەی لە خۆ گرتووە :

١ ـ کار لەسەر بابەتەکە کراوە (واتە لەسەر د.عەلی قەرەداغی)و ناوبراو ئەندامە لە کۆنگرەی ڕابیتەی ئیسلامی جیهانی. پاشان نوسراوەکە ئاماژە بەوە دەکات کە چاوی بە من کەوتووە ...

ئەو نوسراوە گوزارشتە لە ڕاپۆرتی موخابەرات و هەرگیز بەلگە نی یە لەسەر هەبوونی پەیوەندی، ئەوەش لەبەر ئەوەی کە ئاسایی یە موخابەرات جم و جۆل بکات بۆ کارکردن لەسەر ئەو کەسانەی کە گرنگیان هەیە. ئایا هەوڵیان نەداوە بۆ کەسبکردنی سەرکردایەتی کوردی؟ ئایا کاریان لەسەر هەموو ئەو کەسانە نەکردووە کە گرنگی یان هەیە؟ بەڵام گرنگ وەڵامی ئەو کەسەیە کە لێ ی چوونەتە پێشەوە، لە نوسراوەکەدا تەنها قسەی درۆو ساختەو هەڵبەستراو دراوەتە پاڵم کە تایبەت بە هۆز و عەشیرەتەکەم، هەروەها لەنوسراوەکەدا ئەوەش نی یە کە: دکتۆر عەلی هاوکاری لەگەل کردووین، یان سەبارەت بە سەرکردایەتی زانیاری داوە، یان .

لە وەرەقەکەدا شتێک نی یە کە پەیوەندی موخابەراتی بسەلمێنێت، بەڵکو ئەوەی تێیدایە سەردانێکە و بەس، لەگەل نیازی موخابەرات بۆ کەسبکردنم و، ئەو قسەیەش کە دراوەتە پالم باس لە ئابلوقە و یەکێتی عێراق دەکات، کەواتە چۆن دەبێتە بەلگە لەسەرم؟!.

٢ ـ خودی وەرەقەکە ئاماژە بۆ ئابلوقەی سەر عێراق و مەسەلەی یارمەتییەکان دەکات، کە چیرۆکی خۆی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە بەندە ئەندامی ئەنجومەنی ئیدارەم لە دەزگای فریاکەوتنی قەتەری: کە هەولیدا یارمەتی عێراق بدات و عێراقیش ڕەتیکردەوە کە یارمەتییەکان وەربگرێت، بۆ مەسەلەی یارمەتییەکانیش بەندە ـ پێشتر و ئێستاش ـ سوورم لەسەر ئەوە کە بگاتە هەموو عێراق.

ج ـ وەرەقەکە ـ کە ڕۆژنامەکە ناوی لێناوە بەلگەنامەی (٢) بەدەر لە چەند زانیارییەک لەسەر کەسایەتیم شتێکی تری تێدا نی یە، بە دەق تێیدایە کە: وێستگەی موخابەرات لە باڵوێزخانەی عێراق لە قەتەر زانیارییەکی ئەوتۆی پێ نەداوین کە خزمەت بە کارەکەمان بکات، چونکە ناوبراو (واتە دکتۆر عەلی) ترسی لەمەسەلەی هاوکاریکردنمان هەیە،

ئەو نوسراوەش لە کۆتاییەکانی سالی ١٩٩٩ دا دەرچووە، لێرەدا دەپرسین : بۆچی ڕۆژنامەکە پشتی بەو نوسراوە نەبەستووە لە کاتێکدا کە پشت بەو وەرەقانەی تر دەبەستێت و بە بەڵگەنامەی داناون؟ نوسراوەکە ئاشکرایە کە من ترساوم و هاوکاریم نەکردووە، هەروەها نوسراوەکە ئاماژە بەوەش دەکات کە کەسی ناوبراو خەلاتی کەسایەتی جیهانی ئیسلامی پێ بەخشراوە . بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەن کە پیرۆزبایم پێشکەش بکەن .

ئەوانە ئەسالیبی موخابەراتی تایبەت بە خۆیانە و ئێمە لێی بێ ئاگابووین، لەوانەیە سەردانیان کردبم و باسی عێراقیان بەگشتی لەگەڵ کردبم، بەڵام هەرگیز باسی بابەتێک نەکراوە کە تایبەت بێ بە زانیاری لەسەر سەرکردایەتی کوردی یان ئیسلامی.

د ـ وەرەقەی سێ یەم قسەیەکی (د. عەبدوللەتیف هەمیم ) ی تێدایە کە وتبێتی : لەوانەیە (د . عەلی قەرەداغی) بتوانێ تەئسیر لە حزبی ئیسلامی بکات، لە وەرەقەکەدا هیچ ئاماژەیەک نی یە بەوەی کە ئەوەم کردبێت، یان فلان قسەم کردبێ، کەواتە چۆن دەبێتە بەڵگەنامە ؟!

هـ ـ وەرەقەی چوارەم باس لە دیدار و سەردانەکانی باڵوێزی عێراقی بۆ لای بەندە دەکات ، کە ساڵی ١٩٩٩ جارێک چاوی پێم کەوتووە، ساڵی ٢٠٠٠ یش جارێک، ساڵی ٢٠٠١ یش جارێک، خوا شاهیدە کە ئەو دیدارانە سەردانی موجامەلاتی بوون بەبۆنەی جەژنەوە، یان پرسەوە، یان شتێکی لەو بابەتە ، ئەگەر پەیوەندیم هەبوایە ، ئایا مەعقولە لە ساڵێکدا یەک جار، پاشان وەرەقەکە باس لەوە ناکات کە لە دیدارەکاندا ڕوویانداوە .

ئەو قسانەش کە وەرەقەی چوارەم تۆماری کردوون قسەی موخابەراتە و قسەی من نی یە. ئێمە لێرەدا لە قەتەر ماڵمان کراوەیە، نوسینگەشمان لە زانکۆ کراوەیە، ئەوەی بیەوێ سەردانمان دەکات و ئاگامان لە نیاز و مەرامەکانیش نی یە و، ئەوەی دوژمنان یان هاوەڵان دەیانەوێ لەگەڵمانی بکەن و، گشت سەرکردەکان (کوردەکان و غەیری ئەوانیش) سەردان و هاتوچۆ دەکرێن و هەرکەسە و نیازی خۆی هەیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەو کەسە خیانەت نەکات.

و ـ ئەوەش کە ڕۆژنامەکە ناوی لێناوە بەلگەنامەی پێنجەم و شەشەم، ڕۆژنامەکە هیچ بەلگەنامەیەکی لەمەڕ ناوەڕۆکەکەی نمایش نەکردووە، بەلکو قسەو هەڵگۆزینی ڕۆژنامەکە خۆیەتی، کە قسەیەکی ترسناک و درۆیەکی ئاشکرا و بوختانێکی گەورەیە وهیچ بەڵگەو پشتیوانێکی نی یە و، قسەیەکە خاوەنەکەی دەخاتە بەردەم لێپرسینەوەی یاسایی، جگە لە لێپرسینەوە لە حزوری پەروەردگاری جیهانیان .بەندە لێرەوە تەحەددا دەکەم کە ئەو ڕۆژنامەیە یان غەیری ئەو بتوانێ بەلگەنامەیەکی من بە دەستخەتی خۆم، یان قسەیەکم، یان شتێکی لەو جۆرە بێنێت و ئەوە بسەلمێنێت کە پەیوەندیم بەهەر دەزگایەکی موخابەرایەتیەوە لە جیهاندا هەبێت .

**سێ یەم:** ژیاننامەو سیرەتم لای هەمووان ئاشکرایە، کە لە ساڵی ( ١٩٧٥ ـ ١٩٧٦ ) ەوە بەمەبەستی خوێندن لە ئەزهەر لە عێراق دەرچووم و، لە ساڵی ( ١٩٨١ ) ەوە نەگەڕاومەتەوە بۆ عێراق تا ئازاد کردنی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١، پاشان ساڵی ١٩٨٥ وەک مامۆستایەکی زانکۆ چوومەتە قەتەر و، وە کاتێکیش کە پێویستیم بە نوێکردنەوەی جەواز سەفەر بوو ، باڵوێزی عێراقی ڕازی نەبوو نوێ بکرێتەوە، بۆیە ناچار بووم بمێنمەوە و سەفەر نەکەم، تا بەڵگەی سەفەریان پێدام، پاشان جەواز سەفەری قەتەری .

لە میانی دروستکردنی ڕابیتەی ئیسلامی کورد لە بەرژەوەندی ئاینی ئیسلام و کێشەی کوردیمان لەگەل چەند بیریارێکی کورددا کارمان کردووە، هەروەها ساڵی ١٩٨٩ هەستاوین بە ڕێکخستنی کۆنگرەیەکی نێو دەوڵەتی ئیسلامی لەمەڕ کێشەی کورد لە شاری کۆڵن ی ئەڵمانیا، کە ژمارەیەکی زۆر لە حزب و کەسایەتی کوردی و عەرەب و غەیری ئەوانیش ئامادەی بوون، لەوانەی کە ئامادە بوون: خوالێخۆشبوو مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد)و، نوێنەری بەڕێزان بارزانی و تاڵەبانی و نوێنەری سەرجەم حزبە کوردیەکان، لەگەڵ نوێنەری حزبە ئیسلامیەکان لە جیهان دا، لەو کەسایەتیە ئیسلامییە کاریگەرانەش کە ئامادەی کۆنگرەکە بوون: مامۆستایان
(فەهمی هوەیدی، ئەحمەد بەهجەت، بریکاری شێخی ئەزهەر) و کەسانی تری غەیری ئەوان.

لەو کاتەدا کۆنگرەکە بەو ئاکامە گەیشت کە کورد مافی خۆیەتی بە تەواوی مافە ڕەواکانی بگات، لەوانەش فیدڕالیەت. بەندە لەو کەسانە بوو کە ڕژێمی پێشوو نیازی لە ناو بردنمی هەبوو، ئەوەش بە ئیعترافی کەسانێکی زۆر. پاشان ڕابیتەی ئیسلامی کوردی لە ساڵی (١٩٩١ ) ەوە لقەکانی خۆی لە کوردستانی عێراق کردەوە و خزمەتی گەورەو پیرۆزی پێشکەش کردووە کە لێرەدا دەرفەتی باسکردنیان نییە ، لەوانە زیاتر لە حەوت سەد پڕۆژەی (نەخۆشخانە، قوتابخانە، مزگەوت، مزگەوتی گەورە، کردنەوەی ڕێگاوبان، کەفالەتی مندالانی بێ باوک، کەمئەندام، قوتابی، زانایان ، پڕۆژەی تری کۆمەڵایەتی وەک ئاهەنگی بووک و زاوای بە کۆمەل و ....... و ....... ، .... ، ) سوپاس بۆ خوا کوردستان بە گشت گوند و شارەکانیەوە شایەتحالی ئەو ڕاستیانەن .

ئایا ئەم کارانە کاری دلسۆزانە یان کاری خائین و خۆفرۆشانە؟ ئێمە بوون و توانای خۆمان لە کوردستان بۆ بەرژەوەندی شەخسی ئیستغلال نەکرد ، تەنانەت خانویەکیشم نەکڕیوە، بگرە دەستم لە خانوو و ماڵەکەی خۆم لە سلێمانی هەڵگرت، تا تۆمەت بار نەکرێم وەسوپاس بۆ خوا، لاپەڕەمان سپی و خاوێنە، لەگەل پیلانی پیلانگێڕانیشدا.

ئەو تۆمەتە یەکەم تۆمەت نی یە کە درابێتە پال بانگخوازان و زانایان و دلسۆزان، بەڵام
( فأمآ الزبد فيذهب جفاء وأما ماينفع الناس فيمكث في الارض ) .

**چوارەم:** چالاکی یە فکری و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنەکانم لە گۆڤاری ( بانگی هەق ) ەوە بۆ بەشداریم لە ( الجزيرە ) هەمووی دەڕژێتە خزمەتی کێشەی کوردی و ، لابردنی گومانەکان لەسەر گەلی کورد و ، بەرگریکردن لە کێشە ڕەواکەی و جوانکردنی ڕووی سیاسی کوردیی ، ئایا ئەو کارانە کاری دلسۆزانە یان خائین و خۆفرۆشان ؟ .

**پێنجەم:** چەند برایەکی دلسۆز بەشێک لە مەلەفەکانی موخابەراتی بەغدایان بۆ هێنام کە باس لە ئێمە دەکەن، لەوانەم لایە کە پێچەوانەی ئەوە دەسەلمێنێت کە (جەماوەر) بلاوی کردۆتەوە ، لە نوسراوێکدا کە ئاراستەی بەڕێوەبەری شوعبەی چل و سێ کراوە : ( الموچوع : معلومات ) و بەدەق تێیدایە :

وحصلت الموافقة علي ما جاء بمقترحنا وهو اشعار ملحقنا العسكري لتوطيد العلاقة مع المجرم علي محي الدين القرداغي ... وقد أعلمنا الجهاز آنفا أنهم ليس لديهم علاقة عمل مع الموما اليه ، وانهم طلبوا تزويدهم بالمعلومات المتوافرة لدينا.


پاشان بەدەق وەڵامەکە دراوەتەوە :

ـ لايمكن توطيد العلاقة مع موضوع البحث ..... وسيتم متابعة نشاطاته .... لە بەلگەنامەیەکی تری دەزگای موخابەراتدا لە ( ٢٣ / ٤ / ١٩٩٩ ، ژمارە ٤٣ / ٣ / ٢٢٧٤٢ ) دەلێت : لازال المجرم علي القرداغي يمارس نشاط معادي تجاه القطر . گەر پێویستی کرد ئەو بەڵگەنامانەتان بۆ دەنێرین کە لامانە .

**شەشەم:** ئەو فڕو فێلانە ناتوانن زەفەر بە گەلی کوردمان ببەن لە شێواندنی ناوبانگی ڕەمز و زاناکانی، بەر لەوە هەوڵی تر دراوە بۆ تۆمەتبارکردنی زانایانی تر ، کە بێ ئاکام بوون ، وە هەر هەوڵێکی نیاز چەپەڵی تریش کە بیەوێ لێیان بدات انشاء الله نشوست دێنێت، وە نازانم لە شێواندنی ناوبانگی ڕموزەکانماندا کێ سودمەندە؟! سەیریش ئەوەیە کە ئێمە دەبینین هەوڵی شێواندنی ناوبانگم دراوە ماوەیەک بەوەی هەندێ (فتوا)یان داوەتە پاڵم، وە ئەم جارەش بەم ڕێگەیە، ئەگەر ڕۆژنامەکە ئەو کاغەزە موخابەراتیانەی بڵاوکردایەتەوە مەعقول بوو ، بەڵام بڕیاری ڕۆژنامەکە، بڕیارێکی قاسی و گرانە و ئەیدەینە دەست خوای پەروەردگار و ، پاشان دادگاکانی کوردستان و، خوا یارمەتیدەرو پشتیوانە .

لە کۆتایی دا، ئەو کاغەزانەی کە (جەماوەر) ناوی لێناون بەڵگەنامە، بەو بەلگەنامانە دەچێت کە عێراقیەکی شۆڤێنی لە بەرنامەی (الاتجاه المعاكس)ی کەنالی (الجزيرە)دا سەبارەت بە سەرۆکی خوالێخۆشبوو (مەلا مستەفا بارزانی) خستنییە ڕوو ، کە بریتی بوو لە کتێبێک کە چەند وێنەیەکی تێدابوو ناوی لێنابوو بەڵگەنامە و، وتی: ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی مەرحومی مەلا مستەفا (جەنەڕالێک) بووە لە سوپای ئیسرائیلیدا، لەگەڵ ئەوەدا کە ئەوە بوختان بوو، خواش شاهیدە ئەوەی کە لە (جەماوەر)دا ئاماژەی پێکراوە بوختانێکی گەورەیە و، کاروباری خۆمان ئەدەینە دەست خوا و، خواش پشت و پەنایە، وهو حسبنا ونعم الوكيل .

## دوو بەڵگەنامەی تر کە پەیوەندی پرۆفیسۆر د. عەلی قەرەداغی بە موخابەراتی ڕژێمی پێشووی بەغدا ئاشکرا دەکات


بسم الله الرحمن الرحيم
سري
رئاسة الجمهورية
جهاز المخابرات
السيد :
الموضوع :

### بەڵگەنامەی ژمارە (٢)

لەم بەڵگەنامەیەی دەسگای موخابەراتی ڕژێم پێشنیار کراوە نامەیەکی دەست نووس بۆ د. عەلی قەرەداغی بنێردرێت. هەروەها درێژە بدرێت بە پەیوەندی لەگەڵی دا


بسم الله الرحمن الرحيم
Embassy of the Republic of Iraq Doha
سفارة الجمهورية العراقية
الدوحة
سري
Ref. :
Date :
الرقم :
التاريخ :

### بەڵگەنامەی ژمارە (٣)

لەم بەڵگەنامەیەشدا د. عەلی قەرەداغی بانگهێشتی بالیۆزخانەی عێراقی لە دەوحە قبووڵ کردووەو ڕەخنەی لە تاڵەبانی و بارزانی گرتووەو تەئکیدی کردۆتەوە کە لە ڕێگای لێژنەیەکی قەتەری مزگەوتێکی لە (المنطقة الشمالية) دروست کردووە.